# ئەنفال
# ئیرادەیەکی بەردەوامی کۆمەڵکوژی

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

لە سەر داوای ماڵپەڕی بەڕێزی دەنگەکان و ناردنی ئەو پرسیارانە بە پێویستم زانی بە پیر ئەو داوایە بێم و ڕووە ڕەشەکانی ئەنفالچی و سیاسەتی ئەنفالکردن بەو شێوەی خوارەوە شیَ بکەمەوە.

پرسیارەکان:

1- ئایا توانراوە ئەنفال وەکو ئەوەی کە هەیە، نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمڕۆ دەیەوێت، بکرێت بە مێژوو؟
2- ئەو ئەرکانە چین لە نزیک و دوورماوەدا، سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال؟
3- دیاریکرینی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە؟

ئەگەر بە ئێواشی و بە شێوەیەکی قوڵ و ورد بڕوانینە پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد، دەگەینە یەک دەرەنجامی زۆر ترسناک، ئەویش ئەتک کردنی کوردە بەر لە قڕکردنی. بە ڕای من ڕژێمی ناسیۆنالیستی عەرەبی عیراق دڵنیا بووە لەوەی کە پرۆسەی ئەنفال کۆتایی بە گەلی کورد ناهێنیَ، بەڵام بە هەڵبژاردنی وشەی ئەنفال و بەرنامە دارشتن بۆ ئەو پرۆسەیە دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکیَ:

قۆناغی یەکەم: هەڵمەتی ئەنفال و دەستگیرکردنی گەورەترین ژمارەی خەڵکی کورد و زیندەبەچاڵ کردنیان. ئەم هەڵمەتەش لەسەر هەر دوو ئاستی نەفسی و جەستەیی ئەنجام دەدرێت. لە لایەک بریندارکردنی ئینسانی کورد لە ناخەوە، بەوەی کە هەڵگەڕاوە و بیَ باوەڕە و دەبیَ لە ناوببریَ. هێمایەکی دینی بە هێز لەو هەڵمەتەدا سەر دەردێنیَ، ئەویش کوشتنی مورتەددەکانە. مورتەد لە ڕووی هەڵگەڕانەوەی سیاسی لە شەرعیەتی دەوڵەت، هەروەها بیَ نرخ کردنی هەموو ئەو دینداریەی کە مرۆڤی کورد پێڕەوی لێدەکا. کە ئەبوبەکری سەددیق شەڕی لە دژی هەڵگەڕاوەکان ڕاگەیاند، شەڕێک نەبوو لە دژی سەنەم پەرستەکان یا لە دژی پێڕەوانی دینێکی تر، هەڵگەڕاوەکان نوێژکەر و خواپەرست بوون، تاکە شتێک کە بڕیاریاندا نەیکەن ئەویش نەدانی زەکات بوو بە ئەبووبەکر. بە مانایەکی تر دەرچوون بوو لە دەسەڵاتی ئەبووبەکر. بۆیە با ئەو کەسانەش نوێژ بکەن و باوەڕداریش بن، مافیان لە ناو بردنە. بە مورتەدیش ناوزەد کران، چونکە لە ئیمام هەڵگەڕانەوە. دوایی پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەک بووە

تا دوا ساتەکانی دەوڵەتی عوسمانیش پێڕەوی لێکراوە. لەوانەیە وشەکە بە شێوەیەکی زەق بەکار نەهاتبێ، بەڵام پرۆسەی گرتنی هەرێمە هەمەجۆرەکان و جڵەو کێش کردنیان پرۆسەیەکی شاردراوە نیە لە مێژووی دەوڵەتە یەک لەدوا یەکەکانی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانلیش. هەڵبەت هەر هەرێمێکیش بە شەڕ گیرابێ دەرەنجامەکانی کوشتنی تێکڕای شەڕکەرەکان بووە و ئەنفالکردنی ژن و منداڵ و ماڵ و مڵکیان بووە، بەمانای ئەوەی دابەشکردنیان بەسەر سەربازانیان. لێرەدا پرۆسەی ئەنفال، مرۆڤی کورد لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، دەیکات بە شتومەک، بە کۆیلە، تا سەر ئێسقان بێنرخی دەکات. ئەو مرۆڤە دەخاتە حاڵەتێک کە تا هەتایە دوچاری بەزینی بکات، نەک بەزین لە بەرەکانی جەنک، بەڵکو بەزین لە ناوەوە و نەهێشتنی هەستی بەرەنگاربوونەوە و بریندارکردنی کەرامەتی، بۆ ئەوەی توانای هەڵسانەوەی نەمێنێ، بڕوا بەخۆبوون لە دەست بدات و دەستبەرداری هەموو جۆرە هەڵسانەوەیەک بێت، لەو حاڵەتەشدا پرۆسەی عەرەباندن دەست پێدەکات، بەو مانایەی تاواندنەوەی کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگا گەورەکەدا کە ئەوەش:

قۆناغی دووەمی پرۆسەکەیە، بە لە ناو بردنی جەستەیی و زیندەبەچاڵ کردنی دەیان هەزار کورد، لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان، هەروەها سووتاند و تەختکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوندی کوردستان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ و دابەشکردنی تەلەفزیۆن بەسەر ڕاگوێزراواندا بۆ گەیاندنی سیاسەتە گڵاوەگەی ڕژێم و کۆمەڵێک مەبەستی وا کە لێرە جێگای باسکردنی نیە، ئەمەش دەلالەتی زۆر گەورە و ترسناک لە خۆ دەگرێ، نەهێشتنی گوند ڕیشە کێش کردنی بوونی ڕەسەنایەتی میللەتێکە لەو دەڤەرە و بە واقیع کردنی خاوەنداریێتی دەوڵەتی داگیرکەرە بۆ پانتاییەکی زۆری خاک و بەردی کوردستان و چەسپاندنی هەنگاوی یەکەمە، بۆ ئەوەی دواتر مەبەستە گڵاوەکانی تری جێبەجێ بکات، کە بە داخەوە تا هەنوکەش هەر ڕواڵەتەکەی باسدەکرێ، بەڵام من گومانم لەوە نیە کە ئەو سووتاندن و چۆڵ کردنی لادێی کوردەواریە سەرەتای پرۆسەیەک بووە کە ڕووە شاردراوەکانی ئاشکرا نەبوونە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قوڵتر هەیە لەو بارەیەوە. خۆ بەعسی سوریا زۆر بە شێوەیەکی کاریگەر بەشی هەرە زۆری کوردستانی سووریای عەرەباندووە و پشتێنەی ئەمنیش بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو تاواندنەوەیە.

هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بە هاندانی پیاوی عەرەب بۆ خواستنی ژنی کورد بە هەر نرخێک بێ و بڕینەوەی پارەیەکی باش بۆ ئەو کەسانە. هاندانی عەرەب بۆ جێنشینبوون لە ناوچە کوردیەکان و ڕاگواستنی دەیان هەزار کورد بۆ ناوچە عەرەبییەکان. بە داخەوە پرسی ڕاگواستنی کورد بۆ ناوچە عەرەبییەکان زۆر کەم باسی لێوە دەکرێ، مەگەر هەندێ ناسیۆنالیستی عەرەب نەبێ کە دەڵێن ئەگەر عەرەبی کەرکوک دەربکرێن دەبێ کوردیش لە خوارووی عیراق دەربکرێن. زۆربەی هەرە زۆری شارە عەرەبییەکان بە هەزاران کوردی لێدەژین، تەنانەت ناوچەی کوردنشینی دیاریکراو هەن لەو شارانە بە تایبەتیش لە بەغدا و لە ڕومادی. عەرەباندنی خانەقین و جەلەولا و شاری دیکەی کوردنشین، هەر بە هاوردنی عەرەب

نەبوو بۆ ئەو شارانە بەڵکو بە دەربەدەرکردنی هەزاران کوردی خانەقین و شارەکانی تر بوو بۆ ڕوومادی و فەلوجە و بەغدا و شارەکانی تری خوارووی عیراق.
ئەگەر تەماشای دەڤەری ئێزیدیاتی بکەین بە شێوەیەکی گشتی عەگال دەکەنە سەریان، تەمەنی هاتنی عەگالی عەرەبی بۆ دەڤەری ئێزیدیاتی لە سی تا پەنجا ساڵ تێپەڕ ناکات. بۆیە ئەنفال کردن لە ڕووی دەروونی کاریگەرییکی ڕاستەوخۆی هەبوو، تا هەنوکەش، دوای ئەوەی زمانی عەرەبی کرا بە زمانی فەرمی لە ڕیزی زمانی عەرەبی، بەڵام بەرپرسە کوردەکان زادەی قسەکردنیان بە کوردی زۆر کزە و ببڕای ببڕای جورئەت ناکەن بە زمانی خۆیان بدوێن، نەبادا ئەوان تێمان نەگەن، ناشزانن تێنەگەیشتنیان لە کوردی گەورەترین پەیامێکە کە کورد لەوان جیا دەکاتەوە، پێکهاتەی ئیدنتیتەیەکە کە تا ئەو ساتەش عەرەب بە ڕەزامەندییکی تەواوەوە بڕوای بەو ئیدنتیتەیە نیە، بۆیە ئەوانەش کە پڕۆسەی ئەنفال بە نارەوا دەزانن بە شێوەیەکی تر درێژە بەو پڕۆسەیە دەدەن، بە زاڵکردنی زمانی عەرەبی بەسەر خەڵکی کورد و نەهاوێشتنی هیچ هەنگاوێک بۆ ئاخافتن بەو زمانە.
لە لایێکی تریش پڕۆسەی ئەنفال لە ڕووی جەستەیی لە زەمەنی سەددام ڕەهەندێکی تری وەرگرت، ئەویش زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی بێ تاوان، ژن و منداڵ و پەککەوتە. وێڕای فرۆشتنی هەندێ پاکیزەی کورد بۆ وڵاتە عەرەبیەکان و لە ئەنجامیش بێ سەروشوێن بوونیان.
لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقیشەوە ناشیرینی و گەورەیی و ترسناکی ئەو تاوانە لە زۆری و کەمی قوربانیەکاندا نیە، بەڵکو لە فۆرم و پێکهاتەی ئەو تاوانە و بڕوابوون بە تاوانەکە دایە، هەموو ئەو ڕووانە لە خۆ دەگرێ کە یاسا نێودەوڵەتیەکان داکۆکیان لەسەر کردووە. بە واتاییێکی تر، ئەو تاوانە هەر لایەنی پاکتاوی ڕەگەزی ناگرێتەوە، بەڵکو پڕۆسەیەکی فاشیستانەشە لە ناشیرینترین ڕووەکانیدا، بە هەمان ئەو پێوەرانەی کە نازیەکان لە دژی جووەکان ئەنجامیاندا. ئەویش نەک هەر بە پڕۆسەی هۆلۆکۆست بەڵکو بە ناشیرین کردنی ئینسانی جولەکە و وێناکردنی بە ناشیرینترین شێوە. ئەو حاڵەتەش بە ڕای من لە سەرەتای پڕۆسەی ئەنفالەوە دروست نەبووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی زۆر دوورتر و بەڵگەش تەژی بوونی کۆمەڵێک کتێب و سەرچاوەی عەرەبی ئیسلامین لە ناشیرین کردنی مرۆڤی کورد، تەنها بۆ نمونە (إحياء علوم الدينی غەزالی) کە لە بەرگی دوەمیدا و لە بەشی (باب الحلم)دا کورد بە دڕوندە و بە کەللە ڕەق و گێل و نەفام و بێ خێر لە قەڵەم دەدا. هەروەها (روح البيانی برسوی) کە کورد بە نەوەی جنۆکە و جڕوجامشت دەداتە قەڵەم. لە مێژووی نوێشدا خيرالله طولفاحی ناسیۆنالیست دەستێکی باڵای هەبوو لە شەرعیەتدان بە ئەنفال و پاکتاوی ڕەگەزی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ناشیرین کردنی کورد و چواندنی بە مێشە ڕەشکە.
لێرەدا ئەگەر گەورەیی ئەو تاوانە لە هەموو ڕوەکانیدا بە تەواوەتی تەماشا بکەین، دەبینین ئەوەی کراوە مشتێکە لە خەرمانێک. تا ئەو چرکە ساتەش گێڕانەوەی ئیعتیبار بە مرۆڤی کورد نەدراوەتەوە. لە هەمانکاتیشدا تا هەنوکەش لە ئەجندای کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا پڕۆسەی ئەنفال وەکو پڕۆسەیەکی پاکتاوی ڕەگەزی دانی پێدا نەنراوە. تاکە دەوڵەتێک تا

هەنوکەش ئامادە نیە ئەو پرۆسەیە بخاتە ناو فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەکو جینۆسایدی ڕواندا بە شێوەیەکی فەرمی لە مینبەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان یادی بکرێتەوە.
تەنانەت لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن و ئاشکراکردنی ڕووە شاردراوەکانی هەڵمەتی ئەنفال شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. ئەگەر بەراوردی پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان کە لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجان درا، جگە لەوەی کە بە بەراورد لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە هەندەران زۆر کەمتریشن بەڵام توانیویانە سۆزێکی نێودەوڵەتی گرنگ بۆ خۆیان دروست بکەن و لەسەر ئاستی حکومەتەکان داوا لە تورکیا بکرێ کە دان بە تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی ئەرمەنەکاندا بنێ. تەنانەت سۆشیۆلۆگێک بە ناوی فاهاکن دادریان کە مامۆستای زانگۆیەکە لە نیۆیۆرک و لە ناوەکەیشیدا وا پێدەچێ بە ڕەگەز ئەرمەنی بێ، 20 ساڵی ڕێکە سەرقاڵی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی جینۆسایدە، بێوچان کار لەسەر ئەو پرسە دەکات و بەردەوامیشە. لە دەیەمین ساڵیادی جینوسایدی توتسیەکان لە ڕواندا لە ساڵۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی لە حەوتی ئەپریلی هەموو ساڵێک یەک خولەک بۆ گیانی قوربانیەکان دەوەستن. پرسی دارفوریش تازە لە گەرمەی کارو کاردانەوەکانی دایە و نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی کار لەسەر کێشەی دارفوور دەکات. بۆیە دەڵێم بە داخەوە پرۆسەی ئەنفال تا ئێستاش مافی خۆی لەسەر ئاستی ناوەخۆ نەدراوەتێ و چش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لەسەر ئاستی فەرمی کوردستان لە دووبارەکردنەوەی مانشێت و دروشم بەولاوە شتێکی تری بۆ نەکراوە.
ئەرکەکانی سەرشانی مرۆڤی کورد لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیریدا خۆی لە تۆڵەکردنەوەدا نابینێ، چونکە کورد ئەوان نین.
گەورەترین ئەرک ئەوەیە ئەو خوێنە ببێتە دەریاییێکی گەورە بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە لەسەر هەر چوار ئاستی پارچەکانی کوردستان.
وێڕای ئەوەش کارکردن بۆ داننانی دەوڵەتی تازەی عیراق بە ئاوایەکی فەرمی بەو تاوانە و ناسینی وەکو پرۆسەیەکی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی و قەرەبوو کردنەوەی قوربانیەکان.
هەروەها کردنەوەی کۆلێژێک لە هەڵەبجە یا لە هەولێر لەسەر ئاستی عیراق و کوردستان و وەرگرتنی خوێندکاری عەرەب و کەمە نەتەوەکانیش لەو کۆلێژە. بۆ ئەوەی ئەو زانکۆیە بۆ دوا ڕۆژ ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی گەورە بۆ ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەی بەردەوام نەک هەر لەسەر ئاستی دۆزینەوە و ناسینەوە و لێکۆڵینەوە لە قوربانیەکان، بەڵکو لەسەر هەموو ڕەهەندە بابەتی و زاتیەکانی ئەو کارەساتە. هێنانی ئامرازی پێشکەوتو و مامۆستای پسپۆر بۆ سەرکەوتنی پرۆژەیەکی لەو جۆرە.
هەروەها نوسینەوەی ئەو ڕووداوە بە شێوەیەکی زانستی باوەڕپێکراو و کردنی بە بەرنامەی خوێندن لەسەر ئاستی ئامادەییەکان و نوسینەوەیشی بە شێوەیەکی سادە بۆ خوێندنگا سەرەتاییەکان، بۆ ئەوەی ئە کارەساتە نەیەتە لە بیرکردن.

وێڕای ئەوەش بە پێویستی دەزانم دروستکردنی ئاتەشگا لە هەموو شارە گەورەکانی کوردستان و بەردەوامی داگیرسانی ئاگر و کردنی بە مەزارگا بۆ زیارەتکردن لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆدا.

لە هەمووش گرنگتر هەوڵدانە بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتیش لە هۆڵەکانی نەتەوەیەکرگرتوەکان. ئەو کارەش پێویستە سیاسیە کوردەکانی بەغدا کاری بۆ بکەن و بیکەن بە واقیع.

سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژێک بۆساڵیادی ئەنفال، پێم وایە بەس نیە، بە بەراورد کردن بە گەورەیی و ترسناکی پرۆسەی ئەنفال. بەڵکو بە لایەنی کەمەوە بیکەن بە حەفتەیەک و ناوبنرێ حەفتەی ڕەشی ئەنفال، یا هەر ناوێکی تر بێ. وێڕای لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە لە هەموو بەیانیەکانی ئەو حەوت ڕوژەدا لە هەموو شارو شارۆچکە و لادێکانی کوردستان. بۆ ئەوەی نەمری ئەو شەهیدانە بپارێزین و نەیەنە لە یادکردن، وێڕای کردنی بە گرێی هەست بە گوناهکردن لە دەرونی وەچەکانی داهاتووی عەرەبدا لە ئاستی مرۆڤی کورد، نەک بەو شێوەی ئەمرۆی هەڵوێستی سیاسیە عەرەبەکان. ئەگەر هاوسۆزیش بن دەڵێن، سەدام لە زوڵمکردنیشدا دادوەر بووە و هەموو گروپ و توێژەکانی عیراقی ئەزیەت داوە. کە ڕاستیش نیە و جیاوازی پرۆسەی ئەنفال کە پرۆسەیەکی سیستماتیک بوو زۆر جیاوازە لەگەڵ سەرکوتکردنی نەیارە عەرەبەکانی عیراق. ئەگەر سەددام خەڵکی عەرەبی ئەزیەت دابێ بە مەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی نەبووە و نیەتی ئەو ئەزیەتدانەش زۆر جیاوازە لەگەڵ ڕەفتارەکانی لەگەڵ گەلی کوردستان. خۆ لە یاساشدا نیەت ڕۆڵێکی گەورەدەبینێ لە بە تاوان ناسینی هەر جۆرە کردەوەیەک، هەروەها توندی ئەو بارودۆخەی کە تاوانەکەی تیادا ڕوو دەدات، یاساناسانیش باش دەزانن کە ترسناکی نیەت لە ئەنجامدانی تاواندا چەند گەورەیە، ناکرێ تاوانێک ئەنجام بدرێ بێ بوونی نیەت و مەترسی جۆری ئەو نیەتەش. بۆیە نیەتی ڕژێمی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە ڕەفتار کردنیدا لەگەڵ کێشەی کورد بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە لەگەڵ نەیارە عەرەبەکانیدا دەیکرد. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەو لە کاتێکدا سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی شیعەی کوردەکان بە ڕێوە دەبرد و بە نامرۆڤانەترین شێوە دەیکوشتن و دەیگرتن و وڵات بەدەر و بێ سەرو شوێنی دەکردن، لە هەمان ئەو کاتانەدا شیعەی عەرەبی دەهێنان بۆ کەرکوک و خەنەقین و سیاسەتی عەرەباندنی بەوان جێبەجێ دەکرد، چونکە ئەوان لە خراپترین حاڵەتدا عومقێکی ستراتیژی نەتەوەی عەرەبن و ئەوەی ئێستاش لە کەرکوک ڕوو دەدات باشترین بەڵکەیە بۆ ئەو عومقە ستراتیژیە.